نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود
March 02,2005

-بەسە , ئەمە دروشمی خۆپیشاندانەکانی میسرە کە داوای چاکسازی دەکەن , حوسنی موبارەکیش کەمێك شلی کردووە بۆیان , سادەترین و پڕ ماناترین دروشمە بۆ تێکۆشان لە وولاتانی جیهانی سێ و چوار بە گشتی و ئەم ناوچەیە بە تایبەتی و کوردستانەکەی خۆشمان زۆر زۆر بە خسوسی . بۆ هەموو ئەو و وولاتانەی یەك دەموچاوو و یەك خێزان و یەك ڕەنگ زەوقی خەڵکەکەیانی تێك داوە . چی بەسە؟؟؟ , بەسە دەسەڵاتدارییەتی لە لایەن خێزانی موبارەکەوە , بەسە کۆنترۆڵ کردنی ئابوری وولات , بەسە پاوانکردنی ژیانی سیاسی , بەسە **99,99**٪ . ئەدی باشە لۆچی لە کوردستانیش بەس نەبێت . دە هەزار و سەدان هەزار جار بەسترر , بەسەو بەس, بژی بزووتنەوەی بەسی کوردستان . ئەوان بە دوو دەیەو نیوو هاواریان بۆ یەك کەس لێ هەڵستاوەو هاوار دەکەن بەسە , ئەی ئێمە بۆ بۆ چوار دەیەو نییوو دوو خێزان و دوو دەموچاوو دوو ڕەنگ و دوو کۆمپانییای مۆبایل و دوو دوو ... بۆ نەقیرێنین و بڵێین بەسە ئەی هاوار بەسسسسسسسسسسسە.

– لیستی کوردی هەرایەکییەتی نەبێتەوە , کەس نازانێت کێ ریش سپی یان سەرۆکی لیست و فراکسیۆنییەتی , هەزاران قسەکەری بۆ پەیدا بووە , هەر یەکێك لە پەنایەکەوە تەسریحێك دەدات , لە کادیری ژێرەوە تا لوتکەی بانەوە , لە نێوان ئاگراوی و دڵداری و سەرەتاتکێ . یەکێك پیبرۆزبایی لە ئیبراهیم جەعفەری دەکات و بە باشترین پاڵێوراوی دەزانێت بۆ پۆستی سەرەك وەزیران , دانەیەکی کە بە هاوپەیمانییەتی ئەو لەگەڵ بەرەی تورکمانی هێڵنجی دێتەوە , یەکێکی کە لە عەلمانییەت کەمتری ناوێت , ئەوەی دیکە ژمارەی وەزیرەکان دەژمێرێت , توخوا خەڵکینە ئەمە لیستی یەکگرتووی گەلێکی قوڕ بەسەری وەك کوردە , یان فەوزای بازاڕی عوکازە ؟؟؟؟.

– بڕیار بوو دوێنێ بەتەمەنترین پەرلەمان لە جیهان ماڵئاواییمان لێبکات , ژمارەی **13** بۆ ئەم پەرلەمانە شوم و سەرەخۆرە بوو , تا تەمەنییان نەگەیشتە **13** ساڵ وازییان نەهێنا , نازانم دیموکراسییەتی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە سەریانی خوارد یان ژمارەی **13**. بۆ یەکەمجار لەم گۆشەیەوە بە شایستەی تۆمارکردن لە لیستی گینسم زانین . ئەو پەرلەمانەی لە هەزارەی دوو لە دایك بوو , لە هەزارەی سێ بای بای لێکردین . هەموو وولات و نەتەوەیەك بە شتێکەوە دەناسرێتەوە , فەرەنسا بە ئیڤڵ , ئینگلیز بە بیگبین , عێراق بە بابل , نیپاڵ بە ئیڤەرێست , کوردیش ئەوەی هەیبوو پەرلەمانە کۆچکردووەکە بوو , ئەویشمان چوو .

–لە هەموو وولاتان یەك پایتەخت هەیە , یاخود دوو , یەکێکی سیاسی ئەوی دیکە ئابوری , بەڵام لە کوردستان چوار دانە , دووی ئابوری هەولێر و سلێمانی , دووی سیاسیش سەری ڕەش و قەڵا چۆڵان , دوو پایتەختی مێزوو ڕابواردنیش , شیراتۆن و سلێمانی پاڵاس , دانەیەکیش لە دڵمانا هەڵمان گرتەوە ناوی کەرکووکە .

–جۆرج بۆش لە سەردانەکەی ئەوروپایدا ستافەکەی لە **700** دانە کەس پێك هاتبوو , نازانم ئەم ستافە گەورەو گرانە بۆچی ؟؟, ئەوە سەرۆکی خۆمان بوایە دەمان ووت مەفرەزەی زەوی دابەش کردن و تیمی یارمەتی دیوەخانەکان و دەستەی سولحی عەشایەری و ستاف هاوپەیمانییەتی و مەئموری جاڕدانی شەڕی براکوژی و ساندیکای کڕینی نوسەران و یەکێتی کۆمەڵگای دەنگ کڕینن ! ! .

– مەشعان جبوری لە **6** مانگدا دوو سەرۆکی هەڵبژارد بۆ عێراق , کە لە لەندەن بوو , تا بردرایە ناو کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنەوە بەڕێز مەسعود بارزانی کاندید کرد بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری , هەموومان نامەکەیمان خوێندەوە, ئەمەیان وەك وەفایەك و پیاوەتی دانەوەیەك , کورد لە بەشە کورسی خۆی ئەوی پاڵاوت و چاوی لە سابیقەی بەعسی بوونەکەی پۆشی. بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ بەغدا گێڕەکەی گۆڕی و ئەیاد عەلاوی کاندید کرد بۆ هەمان شوێن . ئێستاش دژ بە سڕینەوەی شوێنەواری تەعریبە لە کەرکووك , پێی دەچێت ئێستا کاسبییەکەی لە ئەنقەرەو دیمەشق و تاران بێت , نەك کوردستان ! ! .

– کراسەکەی حەریری خەریکە سەری دیمەشق و تاران بخوات , کەچی نووسەرانی کورد لە سوئید گفت و گۆیان گەرمە لەسەر ووشەی ستیپیندۆم ,نازانن دیارییە یان خێر . من یەك ووشەی سویدی نازانم بەڵام پێم وایە وەك برادەران باسی دەکەن وەك ووشەی خێرو سەدەقەو زەکات و سەرفترە وایە . ئەگەر ئەمجارە نوسەران خێرو سەدەقەو دەستگرتنەکان خۆیان بڵاو بکەنەوە , وەزارەتی ئابوریش لە کوردستان جێی خۆیەتی گۆڤارێك مانگانە بۆ داهاتی سواڵکەرەکانی کوردستان دەرکات .